# خۆجیاکردنەوەی عێراق لە ئێران لە جەنگی ئیسرائیلدا؛ هۆکار و لێکەوتەکان

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

جەنگی ئیسرائیل_ ئێران کە 12 ڕۆژی خایاند، عێراقی خستە ناو هاوکێشەیەکی ئاڵۆز و لێواری جەنگەوە، لە هەمان کاتیشدا تاقیکردنەوەیەکی کرداری بوو بۆ ڕادده و ئاستی پێگە و نفووزی ئێران لەم وڵاتە لە کاتێکی هەستیاردا. ئەم شرۆڤەیە لەبارەی بەرنامەی کار و هەڵوێستی هێزە پرۆ_ ئێرانییەکان لەو جەنگە و ڕۆڵی ئایندەیان هەڵوێستە دەکات.

**هەوڵی پەلکێشکردنی عێراق بۆ بەرەی دژەئیسرائیل**

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر تاران (13ی حوزەیرانی 2025)، سەرنج و چاودێرییەکان چوونە سەر هەڵوێستی عێراق لەم پێشهاتەدا؛ بەو پێیەی چەند گرووپێکی چەکداری تێدایە ئەگەرچی بەڕواڵەت سەر بە هێزەکانی حەشدی شەعبیی عێراقن، بەڵام بەکردەیی و لە ڕووی باوەڕی سیاسییەوە بەشێکن لە میحوەری ئێران. لە سەرەتای جەنگەکەدا هەندێك لە هێزە پرۆئێرانییەکان بانگەشەیان بۆ ئەوە دەکرد عێراق لە جەنگەکەدا دەکرێتە ئامانج، ئەمەیشیان وەك پاساو بۆ ناچاربوونی تێوەگلان دەخستە ڕوو؛ بەڵگەیشیان بۆ ئەم لێکدانەوەیە لە چەند پێدراوێکەوە سەرچاوەی دەگرت کە ئەمانە گرنگترینیانن:

_ ئیسرائیل تەنیا مەبەستی ئێران نییە لە بنەڕەتدا، بەڵکوو ئامانجیشی عێراقە و دەیەوێت داگیری بکات، "چونکە پێی وایە سنووری ئیسرائیل لە نیلەوە تا فوراتە." هەندێك لایەنی ئێرانییش پەرەیان بەم بۆچوونە دەدا و بەڵگەیان بەوەیش دەهێنایەوە کە ئەمریکا و ئیسرائیل لە هەوڵدان، گازی سروشتیی ئێران لە عێراق ببڕن و، بەمە سزای عێراق بدەن و دۆسیەی هەردوو وڵات تێکەڵ بکەن[1].

_ هەندێك لە قسەکەرە نزیکەکان لە "چوارچێوەی شیعی" باسیان لەوە کرد، "لەنێو ئەو بەڵگەنامە ئیسرائیلییانەی کە ئێران دەستی بەسەردا گرتوون، ئەوە دەرکەوتووە کە عێراق بەشێکە لە ئامانج؛ پیلانەکەی ئیسرائیلیش ئەوەیە ناوخۆی عێراق تێك بچێت[2]."

_ هەستکردنی شیعەکان بە ساردوسڕیی ڕانەگەیەنراوی پەیوەندییەکانی ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ عێراق؛ ئەمەیش زیاتر هانی بەدگومانی و بینشکردن (تەسەورکردن)ی سیناریۆی خراپی دەدا. ئەوەیشی گومانەکانی زیاتر دەکرد ئەوەیە، هێشتا هەڵسووڕێنەر، کاروباری باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق بەڕێوە دەبات و واشنتۆن دیاریکردنی باڵیۆز بۆ باڵێۆزخانەکەی لە بەغدا هەر دوا دەخات. بە بۆچوونی هەندێك توێژەری ئەمریکی، هۆکاری ساردبوونەوەی ئەمریکا لە عێراق ئەوەیە ئیدارەی ترەمپ "بە هەمان دووربینیی تەماشاکردنی ئێران، لە عێراقیش دەڕوانێت"؛ هەروەها بەگرنگی نابینێت وەبەرهێنان لە عێراقدا بکات و، بگرە بەغداش تاقی دەکاتەوە بەوەی لە جێبەجێکردنی سزا بەسەر تاراندا چەندە دەتوانێت هاوکار بێت؛ تەنانەت پرۆژەی

ڕێکخراوەکانی خۆیشی لە عێراق بۆ نزمترین ئاست کەم کردووەتەوە[3].

**هەڵوێستی حکوومەت و هەڵوێستی گرووپە چەکدارەکان**

_ **حکوومەتی عێراق:** حکوومەتی "محەمەد شیاع سوودانی" کە لەسەر چوارچێوەی شیعی ئەژمارە، جگە لە ڕەتکردنەوەی بەکارهێنانی ئاسمانەکەی، داوای دانبەخۆداگرتن و پاراستنی سەروەریی خاکی عێراقی دەکرد. لە یەکەم کاردانەوەیشدا بەرامبەر هێرشەکانی ئیسرائیل دژی ئێران، هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ گەلی ئێران دەربڕی، بەبێ ئاماژەکردن بۆ ڕژێمی حوکمڕان[4]. دواتریش جەختی کردەوە کە ئەوپەڕی دانبەخۆداگرتن پەیڕەو دەکات؛ ڕووی لە ئەمریکاش کرد بۆ ئەوەی ڕێگری لە بەکارهێنانی ئاسمانەکەی بکات[5]. لە هەڵوێستەکاندا جگە لە هاوسۆزی، هیچ میکانیزمێکی تر ڕانەگەیەنرا کە لە جەنگەکەدا عێراق بخاتە پاڵ ئێران.

_ **گرووپە چەکدارەکان:** سەرباری هەوڵەکانی پاڵنانی عێراق بۆ شەڕی ئیسرائیل لە میدیا و لێدوانە زارەکییەکانی هێزە پرۆ-ئێرانییەکان، بەڵام گرووپە چەکدارەکانی پەیوەست بە میحوەری تاران، لە هەڵوێستی فەرمی و کرداریدا گرێ و بەندوباوی زۆریان بۆ بەشداریکردن لە جەنگەکەدا دانا. سەرباری ڕوودانی هەندێك لەو پێشمەرجانەیش لە ڕۆژانی کۆتاییی جەنگ، هیچیان بەشدار نەبوون و تێوە نەگلان! بەوانەیشەوە کە زۆر لە ئێرانەوە نزیکن لە چەشنی: "کەتیبەکانی حزبوڵڵا، بزووتنەوەی نوجەبا، بزووتنەوەی عەسائیب، کەتیبەکانی سەییدولشوهەدا".

_ **هێزە سیاسییە شیعەکان:** لەسەر ئاستە سیاسییەکەیش چوارچێوەی شیعی، کە چەتری کۆکردنەوەی هێزە شیعەکانە، تەنیا بانگەوازی بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان کرد بۆ پاڵپشتیی هەڵوێستی ئێران[6]؛ بەڵام ئەوەیش نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە و ناڕەزایەتیی بەرفراوانی ئەم جەمسەرە شیعییە ڕێك نەخرا. بەپێچەوانەوە سەدرییەکان کە ڕکابەری هێزە پرۆ-ئێرانییەکانن، بەچڕی گردبوونەوە و ناڕەزایەتیی بەفراوانیان لە بەغدا لە دژی هێرشەکانی ئیسرائیل و پێشێلکردنی ئاسمانی عێراق ڕێك خست و، لە هوتافەکانیاندا دژی ئەمریکا و ئیسرائیل دروشمیان گوتەوە[7].

_ **مەرجی گرووپەکان بۆ پشتیوانیی سەربازی لە ئێران:** ئەو هێزانەی لە ئێرانەوە نزیکن یان بە بڕیاری تارانەوە پەیوەستن، لە دەمی جەنگەکەدا ئەم هەڵوێست و مەرجانەیان دانا:

1 _ کەتیبەکانی حزبوڵڵای عێراق هەڕەشەی بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکایان کرد لەناوچەکە، ئەگەر بچێتە نێو جەنگەکە (15ی حوزەیران). لەم پەیامەیشدا "حزبوڵڵا لە ڕێگەی ئەمیندارەکەیەوە، "ئەبو حسێن حمێداوی"، جگە لە هەڕەشەی هێرشکردن، داوای لە حکوومەت و "چوارچێوەی شیعی" کرد بەرپرسیارێتی هەڵگرن بۆ ڕێگرتن لە فراوانبوونی جەنگ؛ هەروەها "باڵیۆزخانەی ئەمریکا داخەن و سوپاکەی دەرکەن"[8]. لەپاش هێرشەکانی ئەمریکاش بۆ "فۆردۆ"، ئەم هێزە هەڕەشەی خۆی نەبردە سەر و نەچووە نێو جەنگەوە!

2 _ بزووتنەوەی نوجەبا لە زاری سەرۆکەکەیەوە، "ئەکرەم کەعبی"، هەڕەشەی بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و دیپلۆماتەکانی و هەڵگری ڕەگەزنامەکانی لەناوچەکە کرد، "ئەگەر دەست بۆ تاڵەموویەکی ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی ببەن"[9] (20ی حوزەیران). بەم پێیەیش تەنیا گرنگیی بە ئاسایش و

پاراستنی خودی ڕێبەری شۆڕش دا.

3 _ بزووتنەوەی عەسائیب، لە زاری ئەمیندارەکەیەوە، قەیس خەزعەلی، هۆشداریی دا لە ئەگەری بەئامانجگرتنی ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی، عەلی خامنەیی[10]. دواتر لە ڕێگەی بەرپرسەکانی دیکەیەوە جەختی لەوە کردەوە، ئێران پێویستیی بەوان نییە "چونکە جەنگەکە تەکنەلۆژییە." لەگەڵ ئەوەیشدا بەوە پاساوی بێدەنگییانی هێنایەوە کە "چاوەڕێی ئاماژەی ڕێبەری شۆڕشی ئێرانن"[11]. لە ڕۆژانی جەنگەکەیشدا ڕێبەری ئێران جگە لە پەیامێکی تۆمارکراو دەربارەی بەرگریکردنی ئێرانییەکان، هیچ فەتوایەکی سەرانسەریی جیهادکردنی بۆ شیعە ڕانەگەیاند.

ئەوەیشی ئەم خۆپاراستنەی گرووپە شیعەکان دەکاتە جێگەی پرسیار، هەندێك زانیاریی دزەپێکراوە کە باسیان لەوە دەکرد گرووپە شیعە چەکدارەکانی عێراق، مووشەکی بالیستی و درۆنیان لە ئێرانەوە پێ گەیشتووە و لە بەسرە و ئەنبار و مووسڵ هەڵیان گرتووە بۆ بەکارهێنانی دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کاتی گەرمبوونی جەنگەکەدا، چ لەناوخۆی عێراق بێت یان وڵاتانی دەوروبەر.[12] هەروەها لەگەڵ ئاماژەکردنێکدا بە جەنگ لەلایەن ئەمریکاوە، گرووپە شیعەکان دەکەوتنە هەڕەشەکردن و وەها خۆیان پیشان دەدا کە ساز و ئامادەن[13]. بەڵام هیچ نەجووڵان و کە جەنگیش کۆتایی هات، هەندێك لەوانە لە چەشنی ئەمینداری گشتیی بزووتنەوەی عەسائیب، "قەیس خەزعەلی"، لە پەیامی پیرۆزباییدا دانی بەوەدا نا "ئێران بەتەنیا سەر کەوت"[14]؛ بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەك بە هاوپەیمان و هێزە نزیکەکانی ئێران بکات.

**مەترسیی گرووپەکان و ڕێگرییە ناوخۆییەکان**

دەشێت لەمپەری بەردەم لایەنە عێراقییەکان بۆ تێوەگلانی جەنگی ئیسرائیل و مەترسییەکانیان، لە چەند خاڵێکدا کورت بکرێتەوە:

_ **لەمپەرە شیعییەکان**: شان بە شانی هەوڵە دیپلۆماسییەکانی حکوومەتی عێراق بۆ بێلایەنی، دوو جەمسەری گەورەی نەجەف، کە "سیستانی" و "سەدر"ن، ڕۆڵیان هەبوو لە دوورخستنەوەی عێراق لە تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لە جەنگدا. هەڵوێستەکانی ئەم دوو جەمسەرە شیعییە بەم جۆرە بوون:

1 _ سیستانی، کە مەرجەعی باڵای شیعەیە، لەبارەی هێرشەکانی سەر ئێران بەیاننامەیەکی ئیدانەی بڵاو کردووەتەوە (13ی حوزەیران). لە بەیاننامەکەدا داوای گوشاری نێودەوڵەتیی کرد بۆ ڕاگرتنی هێرشەکان؛ هیچ ئەرکێکی بەهاناوەچوونیشی بە عێراقییەکان نەسپارد[15]. پاش ڕاگەیاندنی ئەگەری بەئامانجگرتنی ڕێبەری شۆڕشی ئێرانی، عەلی خامنەیی، مەرجەعی باڵای نەجەف لە بەیاننامەیەکی دیکەدا (25ی حوزەیران) هۆشداریی دا کە وەها کارێك، وێڕای ئەوەی هەنگاوێکی نائەخلاقی و نایاساییە، لێکەوتەی خراپیشی لێ دەکەوێتەوە و دەبێتە هۆی بشێوی لەناوچەکە. سیستانی داوای ڕاگرتنی جەنگ و دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانەی دۆسیەی ئەتۆمیی کرد بەپێی یاسای نێودەوڵەتی[16]. بەمەیش خۆی بەدوور گرت لە ڕاگەیاندنی فەتوای بەرگریکردن لە ئێران وەك ئەوەی لە هەندێك لاوە چاوەڕێ دەکرا.

2 _ سەبارەت بە هێرشەکانی سەر ئێران "موقتەدا سەدر" ڕای گەیاند: "گرنگ ئەوەیە عێراق لە جەنگ بەدوور بێت؛ ئەم وڵاتە و گەلەکەی پێویستیان بە جەنگی نوێ نییە." داوای ئەوەیشی کرد "دەنگە تاکلایەنە پیسەکان" بێدەنگ بکرێن. ئەم پەیامەیش دوورکەوتنەوەی ئاشکرا بوو لە شوێنکەوتنی ڕەهای ئێران و بەرە

شیعەکەی، لەسەر بنەمای "خۆمان لەپێشترین"[17].

_ **بەرژەوەندییە ماددییەکان:** پیاوی ئایینی شیعەی نزیك لە سەدرییەکان، ئەوس ئەلخەفاجی، ئەوەی درکاند کە گرووپە شیعەکان نەك بەهانای ئێرانەوە نەچوون، بەڵکوو لە عێراق، سیاسی (شیعە) هەن پەیامیان بۆ ئەمریکییەکان ناردووە تا دڵنیایان بکەنەوە نابنە دژیان، "چونکە گیرفانیان پڕە لە پارە و سەرمایەیش ترسنۆکە."[18]

_ **مەترسییە ئەمنییەکان:** سەرکردە لە کەتیبەکانی حزبوڵڵا، حسێن موئنیس، کە پەرلەمانتاریشە، نەیشاردەوە مەترسییان لە خەرقکردنی ڕیزەکانی حەشد و هەبوونی سیخوڕ هەیە لە چەشنی ئێران و لوبنان و، هیوای خواست هێزە چەکدارەکانی حەشد هەڵوەشێنرێنەوە و بکرێنە دەزگەیەکی هەواڵگری بۆ خۆلادان لە چارەنووسی سوپای پاسداران و حزبوڵڵای لوبنان.[19] هەر بەهۆی ترسی هێزە شیعەکانیشەوە لە بەئامانجگرتن، سەرکردەکانیان ناچار بوون بە گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون و هەڵوەشاندنەوەی چالاکییەکانیان؛ ئەمەیش تووشی دابڕانی کردن لە گۆڕەپان [20].

_ **ترس لە ئایندە:** ترسی گرووپە شیعەکان لە تێکشکان و جێگرتنەوەیان لەلایەن ڕەوتی سەدری ڕکابەرەوە، بەتایبەت پاش بەشداریکردنی کونسوڵی ئێران لە وتاری هەینیی سەدر؛ بە جۆرێك خەفاجی ئەوەیشی درکاند کە ئێران زۆر پەست و نیگەران بووە لەم هەڵوێستەی گرووپە شیعەکان تا ئاستی ئەوەی پەیامێکی توندی بۆ ناردوون کە پوختەکەی ئەوەیە: "گورکمان برسی کرد و سەگمان تێر کرد"[21]. ئەمەیش ئاماژەیە بە پشتیوانیی ئیران لە چوارچێوەی شیعی لە کێشمەکێشی سیاسیدا بەرامبەر ڕەوتی سەدر؛ بە شێوەیەکی گشتیش باوەڕێك هەیە کە هەر بۆشاییەکی گرووپە پرۆ-ئێرانییەکان، بە سەدرییەکان پڕ دەکرێتەوە[22].

**ترس لە سوننەکان:** لە پاش کەوتنی ئەسەد و هاتنە سەر حوکمی "تحرير الشام"، شیعەکان ترسیان لە کوودەتا و هەڵگەڕانەوەی سوننەکان هەیە بە کاریگەریی گۆڕانە جیۆسیاسییەکانی سووریا و لەدەستدانی قووڵایی ستراتیژیی شیعی لە بەری خۆراوای عێراق. لەم میانەیەشدا هەندێک سیاسەتوانی شیعە هۆشداری ئەوەیان دا، ئەگەر ئیسرائیل هێرش بکاتە سەر عێراق، ڕژێمی حوکمڕان دەڕووخێت.

**پلانی ئێران:** بۆچوونێك هەیە پێی وایە، ئێران ویستوویەتی گرووپە عێراقییەکان وەك خۆیان بمێننەوە بۆ کاتی دیکەی پێویست؛ بەو پێیەی ئەوان لە دەوڵەتی عێراق سوودمەندن و مانەوەیان لە عێراق بۆ ئێران باشترە[23]. ئەم بۆچوونە لە هەندێك ناوەندی سیاسی و میدیاییدا باوە؛ پێی وایە لەپاش لەدەستچوونی سووریا و گوزرخواردنی حزبوڵڵا، عێراق، وەك باخچەی پشتەوەی ئێران، ڕۆڵی هەیە لە یارمەتیدانی تاران. لەم سۆنگەیشەوە ئێران ناخوازێت بە ئاگری جەنگ بسووتێن و بچنە ڕیزی حزبوڵڵا و حووسییە گەمارۆدراوەکان.

### ئایندەی نفووزی ئێرانی لە عێراق

سەرباری بەدەمەوەنەچوونی سەربازییانەی ئێران لەلایەن گرووپە چەکدارە شیعەکانی عێراقەوە، هێشتا ئەستەمە بگوترێت کە چوونەتە دەرەوەی پشتێنەکەی تاران، چونکە هێشتا نفووزی ئێران لە عێراقدا بەهێزە و، لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێت بگوترێت هەندێ گۆڕانکاری لەم پێگە و هەژموونە ئێرانییە لەناو عێراق ڕووی داوە. هەندێکیش زیاتر دەڕۆن و گریمانەی ئەوە دەکەن ئێران نەتوانێت ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی هەبێت لە

دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانی داهاتووی عێراق[24]. باڵیۆزی پێشووی بریتانیا لە عێراق، "ستیڤ هیکی"، لە دانیشتنێکی "چاتام هاوس"دا باسی لەوە کردووە، تا ئێستا حکوومەتەکانی بەغدا نەیانهێشتووە عێراق بچێتە نێو جەنگی بەوەکالەت، بەڵام گەرەنتیی ئەوە نییە بتوانێت تاسەر بێلایەنی بپارێزێت و بەسەر گرووپە چەکدارەکاندا زاڵ بێت. بە بۆچوونی "هیکی" پشتێنەی ڕزگاریی عێراق، لە بەهێزکردنی پەیوەندیدایە لەگەڵ دراوسێکانی لە کەنداو، بەتایبەت سعوودیا و قەتەر و ئیمارات"؛ ئەمەیش تاقیکردنەوەی دوورکەوتنەوەی عێراقە لە ئێران[25].

هەرچەندە لە "جەنگی 12 ڕۆژە"یشدا گرووپە عێراقییەکان دانیان بەخۆیاندا گرت، بەڵام لە شەوی کۆتاییی جەنگەکە هەندێك لەو ڕادارانە کرانە ئامانج کە حکوومەتی عێراق بۆ چاودێریی ئاسمان کڕیبوونی. چالاکێکی نزیك لە گرووپە چەکدارەکانی شیعە، "عەباس عەرداوی"، لە تۆڕی ئێکس لە پۆستێکدا دانی بەوەدا نا کە "ڕادارێکی فەڕەنسی لە سەربازگەی تاجی، خزمەتی دوژمنکاریی ئیسرائیلی کردووە و نێردراوە بۆ سکراب"[26]. ئەمەیش ئینتیمای هێزە وەلائییەکان بۆ ئێران لەسەر حیسابی عێراق دەردەخات، چونکە بەپێی زانیارییە بەردەستەکان ئەو ڕادارانە (TPS-77 Ground Master 400) لە نێوان 2020_2022دا لە کۆمپانیا ئەمریکی و فەڕەنسییەکان کڕدراون؛ یەکەمیشیان لە جۆری ستراتیژییە و توانای چاودێریکردنی زۆرە. ئەمەیش جێگەی گومانە بۆ گرووپە پرۆ-ئێرانییەکان[27]؛ لەناوبردنیشیان کێشەی زۆر بۆ سەربەخۆیی سیاسەت و بڕیاری ئەمنیی عێراق دروست دەکات و هەڵگری مانایە، جگە لە زیانە ماددییەکان.

**کۆبەند**

جەنگی ئیسرائیل_ ئێران تاقیکردنەوەیەکی کردەیی بوو بۆ نفووز و پێگەی ئێران لە عێراق. لەم پێشهاتە جومگەییەدا کە 12 ڕۆژی خایاند، گرووپە چەکدارە شیعە عێراقییەکانی پەیوەست بە ئێران و میحوەرەکەی، تێوە نەگلان؛ هەروەها لە جەنگەکەدا بەشدار نەبوون و هەڕەشەکانیان بۆ بەهاناوەچوونی تاران جێبەجێ نەکرد. لەمپەرەکانی بەردەم بەشداریکردنی ئەو گرووپانە لە جەنگ جۆاوجۆرن و تێکەڵەیەکن لە: ناهاوسەنگیی باڵانسی هێز، مەترسیی ئەمنی و سیاسی و دارایی، لەگەڵ هەبوونی لەمپەری ناوخۆیی (سیستانی _ سەدر)، بەڵام ئەنجامگیرییەکانی ئەم بەشدارینەکردنە ئەوە بەدەستەوە دەدات کە ئێران، لە ناوخۆی عێراق خاوەن بڕیاری هەڵسووڕێنەر نییە؛ یان لەپاش داڕمانی میحوەری تاران _ دەریای ناوەڕاست، چیدی ناتوانێت ڕیسك بە عێراقیشەوە بکات، بەتایبەت کە لەنێو شیعەی عێراقیشدا جەمسەری بەهێز هەن، پێیان وایە بەرژەوەندییەکانی عێراق لەپێشترە تا بەرژەوەندیی ئێران.


[1] https://2h.ae/UYjq

[2] https://2h.ae/jiUC

[3] https://2h.ae/PAMN

[4] https://2h.ae/oWSk

[5] https://2h.ae/HtuM

https://2h.ae/cLHx [6]

https://2h.ae/XOkv [7]

https://2h.ae/AVzK [8]

https://2h.ae/Asue [9]

https://2h.ae/jCiB [10]

https://2h.ae/Gmtt [11]

https://2h.ae/uPyA [12]

https://2h.ae/ZRZe [13]

https://2h.ae/XHTW [14]

https://2h.ae/iBNQ [15]

https://2h.ae/sula [16]

https://2h.ae/QuAq [17]

https://2h.ae/ychZ [18]

https://2h.ae/aAmj [19]

https://2h.ae/hZLT [20]

https://2h.ae/ychZ [21]

https://2h.ae/uPyA [22]

https://2h.ae/tzgB [23]

https://2h.ae/ychZ [24]

https://2h.ae/PAMN [25]

https://2h.ae/UvoP [26]

https://2h.ae/kgNk [27]